ROJî GEI , Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

ژماره (246) یەکشەممە 2010-09-19

ڕۆژی گەل

# شوهره قەمەرپوور جەخت لەسەر کوردبوونی دەکاتەوە



شوهره قەمەرپوور ئەکتەری ناسراوی سینەمای ئێران کە لەم دواییانەدا بە جوانترین ژنەئەکتەری سینەمای ئێرانی دەستنیشان کراوە، لە لێدوانێکدا جەختی لەسەر کوردبوونی خۆی کردۆتەوەو ڕایگەیاندووە کە یەکێک لە شانازیەکانم ئەوەیە کە کوردم.

شوهره دەڵێ: ساڵی 1985 چاوم بۆ ژیان کردۆتەوە، لە باوکمەوە من کوردم و لە شارێکی کوردستان چاوم بۆ ژیان کردۆتەوە، بەڵام ناسنامەکەم لە تاران دەرهاتووە، سینەمام وەک ئەکادیمیا نەخوێندووە، بەڵام بەشی حیسابداریم لە زانکۆ تەواو کردوە، هەروەها مۆزیکژەنم و ئامێری گیتار دەژەنم. بیرم لەوە کردۆتەوە کە تیپێکی مۆزیک دابمەزرێنم.

جێی ئاماژەیە کە شوهره قەمەرپوور لە فیلمی 'تاسپیدە دم'دا ڕۆڵێکی شایستەی گێرابوو، هەر بەو هۆیەشەوە ناسرا. بەڵام لەوەتەی نازناوی جوانترین ژنە ئەکتەری سینەمای ئێرانی بە شوهره قەمەرپوور دراوە، هەندێک لە نەیارانی ناحەزی خۆیان قوڵتر کردۆتەوەو پێیانوایە کە شوهره جوانکاری بۆ لوتی کردوە، بەوهۆیەوە ناکرێ نازناوی جوانترین ئەکتەری پێبدرێت، بەڵام هەندێک لە شارەزایان پێیانوایە کە ئەگەر نەشتگەرگەری بۆ لوتیشی نەکردبا هەر بە جوانترین ئەکتەر هەڵدەبژێردرا!

شوهره لەهەموو دیدارو چاوپێکەوتنەکانی خۆیدا هەستی خۆی بەرانبەر مۆزیک و گۆرانی ناشارێتەوەو ئاماژە بەوە دەکات کە دڵەوە حەز دەکات تیپێکی مۆزیکی هەبێ و لەو ڕێگەیەشەوە خزمەت بکات.

شوهره وێڕای ئەوەی کە لە فیلمەکاندا بەزمانی فارسی دەدوێ بەڵام ئامادەیی ئەوەیشی تێداهەیە کە ئەگەر ڕۆڵی پێبدرێ بە کوردی بدوێ و سەرنجی کوردانیش بەلای خۆیەوە ڕابکێشێ.

شوهره وەک هەر ئەکتەرێکی دیکەی دڵسۆز بۆ گەل و نەتەوەکەی و هیوای ئەوەیە کە دهاتووی نیشتمانەکەی گەشاوەو پرشنگدرا بێ و هەمووان تێیدا خاوەن ماف و یەکسانی بن.

## ژوانگە

## مێشەکەت ئەی خاوەنشکۆ!

هەموومان چیرۆکی فیلەکەت ئەی خاوەنشکۆمان بیستووە، کاتێک خەڵک لە داخی ئەو فیلەی پاشا کە هەراسانی کردبوون، دەنگی نارەزایی بەرزدەکەنەوە، ئێستا خەریکە ئەو بەسەر هاتە لە کوردستانی رزگارکراودا دووپات دەبێتەوە، بەڵام ئەوانەی ئێستا فیل نین و مێشن. ئەو مێشانە نە توانای ئەوەیان هەیە رەزو باخی خەڵک بشێلن، نە دەشتوانن گاز بگرن، بەڵکوتەنیا بەویزە ویز خەڵک بێزار دەکەن، چونکە مرۆڤی پاک قێزی لە مێشە باڵپیسەکان دەبێتەوە.

ماوەیەکە ژمارەیەک لەو کۆنەجاشانەی کە خۆیان لەپشت حزبەکاندا شاردۆتەوە، دەیانەوێ ڕۆڵی فیلی خاوەنشکۆ لەبەرانبەر تێکۆشەران و بڵاوکراوە سەربەخۆکاندا کایە بکەن، بەو خەیاڵەوە سەنگەر لەو کەس و لایەنانە دەگرن کە باس لە رابردووی جاشایەتیان بکات، لەروونکردنەوەکانیاندا زۆر بێشەرمانە داکۆکی لەمێژووی جاشایەتیان دەکەن، بە تێکۆشان و کوردایەتی لێکی دەدەنەوە!!

ماوەیەکە کۆنە جاشەکان بەرد لەو نووسەرو، ڕۆژنامەنووس و، بڵاوکراوانە دەگرن کە لاپەڕەی مێژوو هەڵدەدەنەوە، بە بەڵگەو دیکۆمێنت باس لە ناپاکی ئەوان دەکەن. ئەو کەسانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دژ بە نەتەوەی خۆیان چەکی جاشایەتیان لە شان بووبێ، هەقە جلێکی تەڕ بە خۆیان دابدەن و سەر بەرز نەکەنەوە، بەڵام چونکە پشتیان بە خاوەنشکۆکان ئەستوورە، ئیدی هەم دەنگ هەڵدەبڕن و گازاندە دەکەن، هەمیش دەرگەی دادگە لە تێکۆشەران دەگرن.

جاشایەتی و چەک هەڵگرتن بۆ دوژمن لوتکەی بێمۆراڵی و سوکایەتی بەخۆ کردن بوو، کەچی ئەوەیان لەبیر چۆتەوە، ئێستا لەژێر پاسای ئەوەی کە سوکایەتیان پێکراوەو ناویان زڕێندراوە، سکاڵا دژ بەو کەسانە تۆمار دەکەن کە باسی رابردووی ئەوان دەکەن یان وێنەو دیکۆمێنتەکان بڵاودەکەنەوە.

مێشە بێزراوەکانی ئێستا، بە ویزە ویز ڕۆشنبیران و تێکۆشەرانیان هەراسان کردووە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە بڵێین: 'مێشەکەت ئەی خاوەنشکۆ!'

ڕۆژی گەل

rojiigel@hotmail.com

# عەزیز شاهروخ شاری سەردەشت ئاواز باران دەکات



هونەرمەندی گۆرانیبێژ عەزیز شارۆخ لە ڕۆژانی 14و15و16ی ئەم مانگەدا دڵی هەوادارانی ئاوازی کوردی شادکردو لە کۆمەڵگەی فەرهەنگی شاری سەردەشت دا چەندین کۆنسێرتی ساز کرد.

کۆنسێرتی شاهروخ کە سێ ڕۆژ درێژی کێشا لەلایەن هاشمی کەریمیان و ژمارەیەک چالاکوانی هونەری بەڕێوەدەبرا، ئامادەبووانی کۆنسێرتەکەش بە شەوقەوە پێشوازیان لێدەکردو لەنێو چەپڵە ڕێزاندا دەستخۆیشیان لێدەکرد.



# سەرکەوت ڕەسوڵ پایز جوانتردەکات

'سەرکەوت ڕەسوڵ'ی شاعیر لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەلبومێکی زۆر سەردەمیانە کە پێکهاتووە لە کتێبێک و 2 سی دی بەناوی (پاییزە یاد) بڵاودەکاتەوە کە بە شێوازێکی زۆر هونەریانە کاری بۆ کراوە لە ڕووی دەنگ و میوزیک و چاپ و دیزاینەوە کۆمەڵێک میوزیکژەنی لاوی بەتوانا کاری بۆ کردووە کە پێکهاتوون لە (نیهاد سابر ، مەبەست عەبدوڵڵا ، سیروان باڵەبان ، زانا ئەنوەر ، محەمەد یاسین ، هەڵوێست کلارنێت) و کاری مایسترینگی دەنگی لە (ئیستابنوڵ) بۆ کراوە و چاپی کتێبەکەش لە هەردوو چاپخانەی (نەوا) لە ئێران و چاپخانەی (کاروان) لە کوردستان بە ئەنجام گەیەنراوە ، کاری ڕیکلامی گرافیک مۆشن لەلایەن مۆنتێر (ئاری ئازاد) ەوە ئەنجامدراوە و لە ئێستادا لە زۆربەی تیڤیەکان ڕیکلامی بۆ دەکرێت و لە ئایندەیەکی نزیک دا بڵاودەکرێتەوە.

**سەرچاوە: چرا تی ڤی**

# کلیپ بۆ کیژێ دەکرێ

سەرچاوەیەکی نزیک لە هونەرمەندی گۆرانیبێژ گۆران سالح درکاندوویەتی کە لەم ڕۆژانەدا هونەرمەند گۆران سالح کلیپ بۆ گۆرانی کیژێ دەکات.

گۆرانی کیژێ، سێهەمین تراکی ئەلبوومی یادی تۆیە کە لە ماوەی رابردوودا بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوەکە ئاشکرای کردوە کە ئامادەکاری کراوە بۆ کلیپکردنی گۆرانی کیژێ، بەڵام ئەمجارەیان شێوازی دیکە بەکار دەهێنرێ، هەم جلی کوردی دەپۆشی و هەمیش دیمەنە کولتوریەکانی کوردەواری لە کلیپەکەدا دەگونجێندرێ، ئەمەش شێوازێکی تایبەتە بۆ پێشاندانی فەرهەنگ و کولتوری کوردەواری و کاریگەری خۆیشی لەسەر کلیپی گۆرانیەکە دادەنێ.

# کەیهان کەلهوڕ لە چەند دێرێکدا



کەیهان کەلهوڕ ئاوازدانەرو ژەنیار، ساڵی 1963 لە بنەماڵەیەکی کرمانشاهی مۆزیک دۆست لە شاری تاران چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە. لە تەمەنی پێنج ساڵیدا دەگەڵ مۆزیک تێکەڵاوبووە، لە 12 ساڵیدا وەک ژەنیارێکی پیشەیی دەستی بە ژەنین کردوەو لە 13 ساڵیدا لە ئۆرکسترای ڕادیۆو تەلەفزیۆنی کرمانشا دەستی بە کارکردوە.

لە تەمەنی 17 ساڵیدا مافی مانەوەی لە وڵاتی ئیتالیا وەرگرتوە، دواتر چۆتە کەنەداو بەشی ئاوازدانانی لە زانستگەی کارلتن لە شاری ئۆتاوا تەواو کردو بڕوانامەی وەرگرتوە.

کەیهان بۆ ناساندنی مۆزیکی وڵاتەکەی بە دیتران لێبڕاوانە تێکۆشاوە، هاوکاری زۆریشی لەگەڵ شوجاحەت حوسێن خان هونەرمەندی هندی داکردوە. هەروەها لەچەندین کۆنسێرتدا هاوکاری هونەرمەندی کورد شەهرامی نازری کردوە. دواتر هاوکاری دەگەڵ هونەرمەندانی ناوداری ئێرانی محەمەد ڕەزە شەجەریان و حوسێن عەلیزادە دا کردوە. ئێستاش وەک هاوکارێکی ئەردال ئەرزنجانی هونەرمەندو ژەنیاری ناسراوی تورکیا درێژە بە کاری مۆزیک دەدات و لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا کۆنسیرت بەڕێوەدەبەن.

کەیهان کەلهوڕ وەک ژەنیارێکی جیهانی ناوبانگی دەرکردوە و خۆی ناساندوە، بەڵام نەتەوەکەی خۆی لەبیر نەکردوەو بەیادی منداڵانی هەڵەبجە ئەلبومێکی بەناوی شاری خامۆش تۆمار کردوە.

# بارانی دوعا بڵاودەبێتەوە

**بارانی دۆعا**، بەرهەمی هونەرمەند عەبدولڕەحمان ئیبراهیمیە و حەوت گۆرانی لەخۆ گرتووە، کە هەر هەموویان لە لایەن خۆیەوە ئاوازیان بۆ داندراوە؛ هەروەها ئەدیب ئەحیا دابەشکردنی مۆزیکی بۆکردوەو ئاوارە مودەڕڕێسی ئەرکی تۆمارکردن و دابەشکردنی دەنگی بەرهەمەکەی بە ئەنجام گەیاندوە.

ئەلبوومی بارانی دۆعا لەلایەن ئەنجومەنی مۆسیقا و ئاوازە ئیسلامییەکانی «سەنتەری فەرهەنگی- هونەریی بژیکی نەغەدە» لە مانگی ڕەمەزاندا بەرهەم هاتووە و خراوەتەوە بازاڕەوە.

عەبدولڕەحمان ئیبڕاهیمی دەنگ و سیمای ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتیی و ناوچەی موکریان بەتایبەتییە.

بەگوێرەی لێدوانی هونەرمەند؛ یەکێک لە ئامانجە سەرکییەکانی ئیبڕاهیمی لە بەرهەمهێنانی بارانی دۆعا، وەڵامدانەوە بە هەست و سۆز و خۆشەویستی هۆگرانی هونەری ڕەسەنی مۆسیقای عیرفانی بووە.

گۆرانیەکانی **بارانی دۆعا** لە هۆنراوەکانی شاعیرانی کلاسیک، مامۆستایان قانیع، بێخوود، مەحوی، شاحوسێنی سەعدی وەرگیراون، هەروەها بە هۆنراوەی 'ڕەحیم نەبی و ڕەحیم لوقمانی' کە دوو شاعیری لاون، ڕازاوەتەوە.

بارانی دوعا بە هاوکاری ژەنیاران 'ئاوارە مودەڕیسی بە ئامێری کیبورد، جەمال نەسیمی بە ئامێری نەی، شێرکۆ بەیتاسی و جەمال چەڵەبیانی بە کەمان و سۆران ئەحیا بە ساز، ڕزگار دەروێشی بە دەف و هونەرمەند مەزهەر ئەحمەدی بە سێ ئامێری فلووت، ساکسیفۆن و کلارنێت بەرهەم هاتووە.

بارانی دوعا لە یستۆدیۆی دیار ڕێکۆردی شاری پیرانشەهر بەرهەم هاتووە.